# ڕاگەیانـــــــدن
# پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ناوەندی ئوستراليا - سدنی

جالیەتی کورد لەئوستراليا.

کۆمەڵە کوردی یە ئوسترالیەکان.

ڕای گشتی کوردستانی لەهەندەران.

حزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان.

جەماوەری تێکۆشەری گەلەکەمان.

نیشتمانپەروەرو دیموکراتخوازو ئاشتیخوازو ماف پەروەران.

زیاتر لەسێ ساڵە KDP لەڕێگای فشاری پارەو دەزگاسبخووڕیەکانیانەوە، لەکۆشش و هەوڵی ئەوەدا بووینە کەدەستیان بگاتە نێو ریزەکانی پارتەکەمان و لەوێشەوە کاری تێکدەرانە دژی بۆچوونە فکری و سیاسیەکانمان ئەنجام بدەن، خۆشیان وەك بەرزەکی بانان لێی دەربچن.

PDK وەك پارتێکی کوردی عێراقچی و تقلیدی لەلایەك، دڵسۆزی کلاسیکی نەگۆڕی هەمیشەیی ئەنقەرەو تەهران وبەغدا لەلایەکی ترەوە، هاوکات لەگەڵ بیرو بۆچوونە فکریو سیاسیەکانی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) ناکۆك و ناتەبا بووە، بۆیە بەردەوام خۆی لەبۆسەی دژایەتی سەنگەری ئێمەدا دۆزیوەتەوە.

جارێك رادیۆی دەنگی نیشتمان و ڕۆژنامەی ڕزگاری داگیر دەکەن و جارێکی تریش بیرۆی سیاسی، وەبەڵگەنامەکانی بەتاڵان دەبەن وهاوڕێیانی سەرکردایەتیمان زندانی دەکەن بەتۆمەتی هاریکاریو هاوپەیمانیەتیمان لەگەڵ PKK، ئەو جارەشیان کۆری لایەنگریو هاوتەباییمان لەگەڵ PUK دا بەسەردا دەسەپێنن.

KDP وێرای ئەو هەموو فشارە بێسنوورە سیخووڕیو سیاسیو مادییەیان نەیان توانی پارتەکەمان (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) دەستەمۆ بکەن ولەچوارچێوەی حزبێکی کارتۆنی کۆپی کراوی ئەواندا دامان برێژنەوە.

بۆیە KDP گەیشتە ئەو بڕوایە کەدەبێ چەکێکی کاریگەر تری سیاسی، لەشانۆگەرییەکی نوێتر لەسیناریۆی یاسادا، بۆمەحکوم کردنی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بدۆزێتەوە. بۆئەم مەبەستەش، وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتۆکەی هەولێر داواکارییەکی داوەتە دادگای بەرایی هەولێرو داوا دەکات کەپارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان مۆڵەتی یاسایی لەبەر ئەوهۆیانە لێبسرێنرێتەوە:

١- ناوەندی رێکخستنەکانی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) لەهەندەران ناوەندێکی یاسایی نیەیەو مۆڵەتی یاسایی لەحکومەتۆکەی هەولێر وەرنەگرتووە.

٢- گۆڤاری (مۆم) کەگۆڤارێکی بزاڤی ژنانی سەربە (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان)ـە، وتارێکی نووسیوە کەباس لەژیانی سێکس وئازادی ژنان وسەربەستی شووکردن دەکات. بەپێی بۆچوونی KDP ئەوانە سەرجەم پێچەوانەی نەریتی ئیسلام وکولتووری کوردەوارین.

ئەو دووخاڵەی کە KDP و وەزارەتە ناوەخۆییەکەی هەولێر کەدەیەوێت لەچوارچێوەی یاسادا دایبڕێژێت وخەڵکی پێ چەواشە بکات، بۆئەوەی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان)ی پێمەحکوم بکات، باکۆمەڵانی هەڵك خۆیان وەڵامی بدەنەوە.

بەڵام ئەوەی ئێمە دەپرسین ئەوەیە: ئایا لقی پارتی لەدەرەوەی وولات مۆڵەتی یاسایی ڕەسمی لەحکومەتۆکەی خۆیان وەرگرتووە؟! تاوەکوو ئێمە داوای ئەو مۆڵەتە بکەین؟! ئایا داکۆکی کردن لەئافرەت، داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ نیە؟! ئایا داکۆکی لەمافی ژن وپیاو وسەربەستی ئافرەت لەهەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیدا تاوانە؟!

چییە ئەوشتە نهێنییەی کە(پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) یاسای شکاندبێ دژی ئیسلام وکولتووری کورد؟! ئایا بۆچونەکانی KDP دەربارەی ئافرەتی کورد خۆی لەخۆیدا دوا کەوتوویی هۆزگەردی عەقلیەتی پارتی نیشان نادات؟! یان پارتی دەیەوێت ژنی کورد هەر بەندەو کۆیلەی پیاو سالاری بمێنێتەوە؟!! ئائەوەتە لەبەرچاوی حکومەتەکەی هەولێرەوە رۆژانە ژن تیرۆر دەکرێو بەتیزاب وئاگر دەسووتێنرێت!! ئایا ئەوانە یاسا کشاندن وکەڵەگایی میتۆدی بیرکردنەوەی دکتاتۆریەتی KDP نین؟! بۆ ئایا لەکوردستان یەك حکومەت ویەك پەرلەمان ویەك یاسا هەیە؟! تائێمە سەرپێچی ئەو یاسا کوردستانیەمان کردبێ، مەگەر ئیمڕۆ کوردستان نەبوەتە دورگەیەکی میلیشیای پارتی، یەکێتی، ئیسلامی سیاسی، تورکمانی سیاسی، دەسەڵاتی جاشە بەعسیەکان لەبەشێکی داگیرکراوی کوردستان! ئەوە وێرای جاسووس وسیخوڕەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان!!.

گریمان بۆ چوونەکانی KDP ڕاستن، ئەی نەئەبوایە KDP محکەمەکەی بەرایی هەولێر مۆڵەتی ئەوەی بەئێمە بدایە کەپارێزەرێك بگرین وبچین داکۆکی بکەین ؟! ئەی نەئەبوایە محکەمەی تمییز چاوێکی بەبڕیارەکە بخشاندبا بەرلەوەی وەزارەتی هەولێر موافقەی لەسەربکات؟!.

بزوتنەوەی رزگاری گەلی کوردستان کە KDP بەشێکی ئەو خەباتە بووە، ساڵەهای ساڵە تێیکۆشاوە دژی عەقلیەتی دکتاتۆریەت دەسەلاتی خۆسەپاندن، دەبوایە KDP لەبەعسیەکانەوە فێرببوایە کەهیچ دەسەلاتێکی دکتاتۆری ناتوانێ ڕێگە بەخەباتی هیچ هێزێکی سیاسی بگرێ ! جا چجای ئەوە پارتی خۆی ببێتە هێزێکی دکتاتۆر بەسەر گەل وبزاڤی رزگاری نەتەوایەتیمان!!.

ئەگەر ئەوانە ڕاستیەکی بن برو جەستەکراو نەبن ئەی دەبێ یاسا شکاندنەکانی (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) چیبێ؟!. لەسەر چی پارتمان بەدادگا دەدرێ؟!.

ئایا لەسەر ئەوە دادگایی دەکرێین کەلەشکرکێشی داگیرکەری تورکیامان کردوە، یان بەچکە هیتلەرەکانی رژێمی بەعسیمان گەڕاندۆتەوە کوردستانی ئازادو لەسەر بینایەتەکەی پەرلەمان کەبەخوێنی شەهیدان رزگارکرا ئاڵای بەعس بلەرێتەوە، یان ئەرتەشی ئێرانیمان بۆ ڕاوەکەو کردنی هێزی پێشمەرگەی رۆژهەلات هێناوەتە کوردستانێکی رزگارکراو؟! خۆڕەنگە KDP ئێمە بەبەرپرسی شوون بزرکردنی ٨هەزار بارزانی وئەنفال کردنی ١٨٢هەزار کوردمان بزانێ! وەیاخود بە بەرپرسی لەت کردنی کوردستانێکی چەند جار لەتکراوو شەڕی کورد کوژی چەندان ساڵەمان بزانێ؟!.

بەڵێ ئێمە وەك (پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان) لەیەکەمین رۆژی هەڵگیرساندنی شەڕی کورد کوژی نێوان KDP و PKK وە PUK وPKK وە KDP و PUK مەحکوم کردوەو بەشەرێکی نانیشتمانیمان لەقەڵەم داوەو

هاوكات دەست تێكەڵ كردن لەگەڵ داگیرکەران وڕاكێشانیان بۆسەر كوردستانی رزگاركراو بەخیانەتێكی نەتەوەیی گەورەمان زانیوە.

بەڵگەیەكی حاشا هەڵنەگرە كەوا ئێمە پاڵپشت وداكۆكەرێكی دڵسۆزی بڕیاری فیدرالیزم بوینە، پێمان وابوە كەفیدڕالیزم وەك بەردەبازێك بۆپەڕینەوە بەرەو سەربەخۆیی كوردستان درۆشمێكی گونجاوی ئەو قۆناغەیە، بەو مەرجەی فیدڕالیزم لەدوو كۆماری یەكسان وئازاددا بژین، نەك یەكیان سەردەست وئەوی تریان ژێر دەست.

هەرلەگەڵ گیرساندنی یەكەمین پریشكی ئاگری براكوژی، پارتمان (پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان) زۆر چالاكانە لەڕێگەی لیژنەی هاریكاری چەپەكان، رێكخراوە پیشەییەكان، كۆمیتەی بێكاران، لیژنەی ئاشتی، لیژنەی شەش قۆڵی، ناوەندی حەقدە حیزب، چل و هەشت رێكخستنی پیشەیی لەهەولێر، كەوتە كاركردن بۆهەرچی زووە ئەو شەڕانە بن بڕبكرێن.

دیارە پارتمان (پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان) رۆڵێكی بەرچاوو ئاشكرای هەبووە لە وروژاندە جەماوەری خەڵك بۆسەرشەقامەكان دژی شەڕی نەگریسی نا نیشتمانی.

لەئایاری ١٩٩٤تەنها لەیەكێ لەخۆپیشاندانەكان دژی شەڕ دووهاوڕێی ئێمە شەهید بوون وشەش لەدۆستانیشمان بریندداربوون، بۆیە مافی خۆمانە كەبەشانازییەوە بڵێین ئێمە یەكەمین هێزی سیاسی دژ بەشەڕ بووینەو یەكەمین هێزیش بووینە كەقوربانی زۆرمان دژی ئەوشەڕانە داوە، وە لەسەروی هەمووشیان ئەندامی بیرۆی سیاسیمان شەهیدی هەمیشە زیندوو كاكە محەمەد حەلاق و ١١هاوڕێكانی بوونە سەرقافڵەی شەهیدانمان! لەڕێكەوتی ١٩٩٥/١١/٢. ئایا ئەمە لەئەنجامی ئەو شەڕە نەگریسەدا نەبوو؟!.

ئەو هەڵوێستە تازەیەی پارتیش بەداخ لەدڵیو تۆڵە سەندنەوەی دژی هەڵوێستە نیشتمانیەكانمان دەزانین.

ئێمە لەناوەندی رێكخستنەكانی ئوستراليا هاودەنگیو هاوخەباتی خۆمان لەگەڵ سەرجەم ناوەندو بنكەی ئەوروپا وئەمەریكاو كەنەدا ڕادەگەیەنین وپێمان وایە هیچ بڕیارێكی پۆلیسیش ناتوانێ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان بدات، بەپێچەوانەوە پێمان وایە KDP دەبێ دەرس لەڕژێمە داگیرکەرەكانی دەوراوپشتی خۆی وەربگرێو زیاتر پەنا بۆبەر دیكوكراسیەت وتوویژی شارستانیەت بەرێو جارێكی تریش چاو بەبڕیارە سیاسیەكەی وەزارەتی ناوخۆدا بخشێنێتەوە.

سڵاو لەیەكەمین كۆنفرانسی گشتی پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان.
سەركەوتن بۆدیموكراسیەت وژیانی فرەحزبی حكومەت وپەرلەمانی یەكگرتووی كوردستان.
سڵاو بۆخەبات وتێكۆشانی بزاڤی ژنان، لەپێناو داكۆكی كردنیان لەسەربەستی و ئازادیو یەكسانیان وبەرقەراربێ بوونی یاسایەكی سەرانسەری دیموكراسیو كوردستانیانە.

ناوەندی ئوستراليا/ سدنی
پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان
٢٠٠٢/٢/١١